# مێژووی دێرینی کوردستان

کتێبی دووەم

ڕەخنـــــە

بەشێکی کەم لە هەڵەکانی کتێبی

(ظهور الكورد في التاريخ)ی

دوکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد (٢٠٠٣)

فاضل قەرەداغی

١٤٢٦ی کۆچی-٢٠٠٥ی زاینی

ناوی کتێب: مێژووی دێرینی کوردستان- کتێبی دووەم ( ڕەخنە )
بەشێکی کەم لە هەڵەکانی کتێبی ( ظهور الكورد في التاريخ )ی دوکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد ( ٢٠٠٣ )
نووسینی: فاضل قەرەداغی
ســــاڵ: ١٤٢٦ کۆچی —٢٠٠٥ زاینی
چـــاپ: یەکەم - سلێمانی
ژمارەی سپاردن: ٣٣٨-٢٠٠٥
ئەم کتێبە لە پێگەی ئینتەرنێتی نووسەر: www.zagros.org
www.zagros.ws
وێنەی بەرگ: تێششوپ، خوداوەندی خورریی کەشوهەواو زریان، لە تیل بارسیپ(تەل ئەحمەر) دۆزراوەتەوە، مۆزەخانەی حەلەب.

بۆ

قوتابیانی مێژوو و شوێنەوار

لە زانکۆکانی کوردستان

بۆ ئەو خوێنەرەی

حەز بە مێژوویەک دەکات دروست نووسرابێتەوە

# ناوەرۆک

ژمارەی یەکەمی لاپەڕەکان هی چاپی یەکەم بە شێوەی کتێب، ژمارەی دووەمیش هی فایلی PDF ی سایتەکە


| | | |
|---|---|---|
| کورتکراوەی سەرچاوەکان ........................... | ٩ | ٨ |
| کورتەیەک لەبارەی سەردەمە مێژووییەکانی وڵاتی دووڕوبارەوە ........................................... | ١١ | ٩ |
| کوردستانو سەردەمەکانی ........................... | ١٤ | ١٠ |
| پێشەکی ............................................ | ١٦ | ١٢ |
| **زمانزانیو زاراوەناسیو بیبلیۆگرافیای سەقەت** | | |
| زمانزانی ................................... | ٢٩ | ١٨ |
| زاراوەناسی ................................... | ٣٩ | ٢٢ |
| بیبلیۆگرافیای سەقەت ............................ | ٤٣ | ٢٤ |
| هەڵبژاردەیەک لە زانیارییەکان ........................ | ٦١ | ٣٣ |
| **سوبارتو و ناوچەکانی** | | |
| سوبارتو لانکی نەتەوەی کورد ............................ | ١٠١ | ٥٢ |
| ناوچەو شارە سەرەکییەکانی وڵاتی سوبارتو ... ......... | ١١٧ | ٦٠ |
| کارەساتی شمشارە ........................................ | ٢١١ | ١٠٥ |
| کوردستان لە سەردەمە ئیسلامییەکاندا .................. | ٢٥٩ | ١٢٧ |
| کۆتایی ........................................ | ٢٦٧ | ١٣١ |
| پێڕستی ناوەکان .................................. | ٢٦٩ | |


ظهور الكورد في التاريخ
دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها
الدكتور جمال رشيد احمد
الجزء الأول





# کورتکراوەی سەرچاوەکان

**AASOR:** Annuals of the American Schools of Oriental Research.
**Afo:** Archiv für Orientforschung.
*AHW:* W. von Soden, Akkadisches Handwörterbuch, Wiesbaden, 1959-81.
**ARAB:** D.D.Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, Chicago, 1-2, 1926-1927.
**ARM:** Archives Royales de Mari, Paris, 1950ff.
**HS :** I.J.Gelb, Hurrians and Subarians, Chicago, 1944.
**HSS:** Harvard Semitic Series.
**JAOS:** Journal of the American Oriental Society.
**JCS:** Journal of Cuneiform Studies.
**JNES:** Journal of Near Eastern Studies,
**JRAS**
**Labat:** René Labat, Manuel d'Épigraphie Akkadienne, 5ième ed., 1976.
**Levine, Geog. Studies:** Louis D. Levine, Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros, I, Iran, XI, 1973, pp.1-27.
**PAA:** Jørgen Læssøe, People of Ancient Assyria, their Inscriptions and Correspondence, transl. from the Danish by, F.S. Leigh-Browne, London, 1963.
**PE:** Ernst Herzfeld, The Persian Empire, Studies in Geography and Ethnography of the Ancient Near East, edited from the posthumous papers by Gerold Walser, Wiesbaden, 1968.
**RA:** Revue d'Assyriologie et d'Archéologie Orientale.
**RIME 2:** D.R.Frayne, The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Early Periods vol.2, Sargonic and Gutian Periods (2334-2113 B.C.), University of Toronto Press, 1993.
**RISA:** G.A.Barton, The Royal Inscriptions of Sumer and Akkad, New Haven, 1929.
**RLA:** Reallexikon der Assyriologie.
**ShA 1:** J.Eidem, J.Læssøe, The Shemshara Archives, 1, The Letters, The Royal Danish Academy of Sciences and Letters, 2001.
**ShA 2:** J.Eidem The Shemshāra Archives, 2, The Adminstrative Texts, The Royal Danish Academy of Sciences and Letters, 1992.
**SKL:** Th. Jacobsen, Sumerian King List, Chicago, 1939.
**Suleimania:** A.Billerbeck, Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit, Leipzig, 1898.
**ZA(N.F.):** Zeitschrift für Assyriologie und verwandete Gebiete(Neue Folge).

سەرچاوەی تریش هەن لەناواخنی باسەکاندا نووسراونەتەوە.

دوو کتێبی عەرەبی لەم کتێبەدا زۆر بەکاردێن:

طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الجزء الاول، الوجيز في تاريخ حضارة وادي الرافدين، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

جرنوت فيلهلم، الحوريون، تاريخهم و حضارتهم، ترجمة و تعليق د. فاروق اسماعيل، دار جدل، حلب ٢٠٠٠.

## كورتەیەك لەبارەی سەردەمە مێژووییەكانی وڵاتی دووڕووبارەوە[١]

مێژووی كۆنی كوردستانو وڵاتی دووڕووبار[٢] تا ڕادەیەكی گەورە تێكەڵ بە یەكنو جگە لە پەیوەندییەكانی جەنگو ئاشتیو بازرگانی.. لەنێوانیاندا، نووسراوەكانی وڵاتی دووڕووبار سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەكانمانن لەبارەی ئەو مێژووەوە، لەبەرئەوە ناسینی سەردەمەكانی وڵاتی دووڕووبار زۆر پێویستە بۆ دروستبوونی وێنەیەكی ڕوون بۆ خوێنەری ئەم كتێبەو هەر نووسینێكی هاوچەشنی تر. دیارە لێرەشدا دەتوانم تەنها زۆر بەكورتی ئاماژە بۆ ئەو سەردەمانە بكەم، هەروەها تەنها سەردەمە مێژووییەكان دەژمێرم لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ مەبەستەكانی ئەم كتێبە گرنگن.

ئەو سەردەمانەی كۆنترن ژمارەی ساڵەكانیان تەقریبییە ، كۆنترین ژمارەی وردیش كە زانرابوو ساڵی (٧٦٣ پ.ز) بوو ئەویش بەهۆی باسكردنی ڕووداوی ڕۆژگیران لەلایەن ئاشوورییەكانەوە، پاشان بە حسابكردنی ساڵەكانی حوكمی پادشا ئاشورییەكان كە لە دەقەكاندا هاتوون پسپۆڕان توانییان ساڵەكانی پادشا پێشووەكانی ئاشور تا ساڵی ١٧٠٠ بزانن . بەڵام ئەم حسابە وردە زەحمەتە بۆ پادشایانی پێشتری سومەرو ئەكەدو بابلو ئاشور بۆیە پسپۆڕان مێژووی جیاوازیان هەیە كە لەم كتێبەدا ئەو مێژوودانانە وەرگیراوە كە پێی دەوترێت مێژوودانانی ناوەڕاست **Middle Chronology** و كە تێیدا ساڵەكانی حوكمی حامورابی بە ١٧٩٢ تا ١٧٥٠ پ.ز دانراوە، ئەم مێژوودانانەش جێگەی قبووڵی پسپۆڕانی زۆرە.

١-سەردەمی گزنگی بنەماڵەكان یاخود سەردەمی كۆنی بنەماڵەكان **Early Dynastic Period** (عصر فجر السلالات): دەوروبەری ٢٩٠٠ یاخود ٢٨٠٠ پێش زایین تاكو دەوروبەری ٢٣٧١ پێش زایینی خایاند. ژمارەیەك شار لە باشوورو ناوەڕاستی وڵاتی دووڕووبار هەریەكەیان دەوڵەتێكی بۆ خۆی پێكهێنابوو، بە زۆری ئەمانە سومەری بوون.

٢-سەردەمی ئەكەدی: شارروكین (سارگۆن)ی ئەكەدی دەوڵەتی یەكگرتووی وڵاتی دووڕووبار، پاشان ئیمپراتۆریەتی ئەكەدیی پێكهێنا. بنەماڵەی سارگۆن لە ٢٣٧١ تا ٢٢٣٠ پ.ز حوكمی كرد پاشان ژمارەیەك پادشا هاتن بەر لە پەلاماری گوتی. زمانی ئەكەدی بووە زمانێكی جیهانی بۆ نووسینو تا دوایەمین سەردەم وا مایەوە، بێگومان گۆڕانكاریی بەسەردا هاتبوو. جگە لە سارگۆنی دامەزرێنەر؛ نارام سین پادشای دەركەوتووی ئەو بنەماڵەیە بوو.

٣-ماوەی فەرمانڕەوایی گوتی: (١٢٥) یان (٩١) ساڵ پاش سەردەمی ئەكەدی بوو، ڕەنگە كەمتریش لەوە دەسەڵاتیان لە وڵاتی دووڕووباردا هەبووبێت.

٤-بنەماڵەی سێیەمی ئور(٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز): (ئوتوخێگاڵ)ی شاری (ئوروك)ی سومەری بۆ حەوت ساڵو نیو پاش شۆڕشێك دژی گوتییەكان حوكمی كرد ئینجا بنەماڵەی سێیەمی شاری (ئور)ی سومەری دەوڵەتی یەكگرتووی وڵاتی دووڕووبار دامەزراندەوە بەڵام دەسەڵاتەكەی زۆر لەوەی دەوڵەتی ئەكەدی كەمتر بوو. پێش كۆتایی بنەماڵەكەو دوای ئەوە شاڵاوی ئامورییەكان ڕوویكردە وڵاتی دووڕووبار. بنەماڵەكەی ئور لە سێ لاوە كێشەی هەبوو: باكوورو باكووری ڕۆژهەڵات (كوردستان)، ڕۆژئاوا (ئامورییەكان)، ڕۆژهەڵات وڵاتی (ئێلام) كە ئەم، لەگەڵ خەڵكی وڵاتی سو (سوبارییەكان) حوكمی بنەماڵەكەیان نەهێشت.

٥-سەردەمی بابلیی كۆن (٢٠٠٤-١٥٩٥ پ.ز): بەشی یەكەمی سەردەمەكە بە سەردەمی ئیسن—لارسا ناسراوە. وەكو سەردەمی گزنگی بنەماڵەكانیش ژمارەیەك ((شار-دەوڵەت)) پێكهێنران تا حامورابی (١٧٩٥—١٧٥٠) دەوڵەتی یەكگرتووی دامەزراند. پادشاكانی ئەو دەوڵەتانەش بەزۆری ئاموری بوون. لەو سەردەمەدا سومەرییەكان بۆ تا هەتا دەوری سیاسییان نامێنێتو

---

[١] ئەم بەشە لە كتێبی یەكەمدا هەیەو لەبەر ئەهەمیەتی بۆ تێگەشتن لەو مێژووە لەم كتێبەدا دووبارەم كردەوە لەگەڵ كەمێك دەستكاری.

[٢] بەناچاری ئەم جیاكردنەوەیەم لەنێوان (كوردستان)و (وڵاتی دووڕووبار) كردووە كە ئەمە جیاكردنەوەیەكی ڕاست نییە چونكە بەشێكی كوردستان دەكەوێتە ناو وڵاتی نێوان دووڕووبار، دیجلەو فوراتیش جگەلەوەی بەخۆیان و لقەكانیانەوە لەكوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، كوردستان بەشێكی ئەو زەوییانە پێكدەهێنێت كە بەناویاندا دەڕۆن.

بەرەبەرە وەکو نەتەوە دەتوێنەوە بەلام بایەخێکی زۆر بە زمانەکەیان و بەرهەمی نووسراویان دەدرێت. تا سەردەمەکانی دواتریش شارەزایانی نووسین زمانەکەیان هەر دەزانن.

٦-سەردەمی بابلیی ناوەڕاست (١٥٩٥-٦٢٦پ.ز): خاتتییەکان لە ئەنادۆڵەوە هێرش دەبەنو شاری بابل دەگرنو کۆتایی بە بنەماڵەکەی شارەکە دەهێنن بەلام زوو پاشەکشە دەکەنو کاششییەکان وڵاتی بابلیان دەکەوێتە دەستو بۆ نزیکەی چوار سەدە حوکمی وڵاتی دووڕوبار دەکەن ، بەلام پێویستە ماوەی چەند پادشایەکی یەکەمی کاششیی لێ دەرچێت کە هێشتا بابلیان نەگرتبوو هەروەها لە بەشی زۆری سەردەمەکان ئاشوریان لەژێر دەستدا نەبوو. بۆ ماوەیەکیش ئاشور بابلی گرتبوو بەلام کۆتایی حوکمی کاششییەکان لەسەر دەستی ئیلامییەکان بوو. هەر زووش ئیلامییەکان دەرکرانو ژمارەیەك بنەماڵە دامەزران کە ئاشورییەکان لەو سەردەمەدا بۆ ماوەیەك وڵاتی بابلیان گرتبوو. لە سەدەی (١١پ.ز)شدا شالاوی ئارامییەکان ڕووی کردە ناوەڕاستو باشووری وڵاتی دووڕوبارو ئەوان توانییان پێکهاتی دانیشتوان لە وڵاتی بابلدا بگۆڕن.

٧-سەردەمی بابلیی نوێ ٦٢٦-٥٣٩[3]: پاش ماوەیەکی زۆر لەحوکمی ئاشوری بابل سەربەخۆ بووەوەو پێکەوە لەگەڵ مادەکان کۆتاییان بە دەوڵەتی ئاشور هێنا. پادشای دیاری ئەو سەردەمەش نەبوخەدنەسەری دووەم (نابو کودورری ئوصور) بوو.

ساڵی ٥٣٩ پ.ز وڵاتی بابل کەوتە دەستی هەخامەنشییەکانو تا ٣٣١ پ.ز لەژێردەستیاندا مایەوەو لەوە بەدواوە دەکەوێتە ژێر دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنیو جێنشینەکانی. لەکاتی هەخامەنشییەکانیش بە دواوە چیتر پادشایەکی خۆماڵی حوکمی وڵاتی دووڕوبار نەکردو کۆتایی بە سەربەخۆیی سیاسیو شارستانیی وڵاتەکە هات.

سەبارەت بە ئاشورییەکانیش سەردەمەکانیان بەهەمان جۆر سێ سەردەمن:

١-سەردەمی ئاشوریی کۆن (دەوروبەری ٢٠٠٠ – دەوروبەری ١٥٠٠): دەوڵەتی دیاری ئەو سەردەمە ئەوەی شامشی ئادادای یەکەم (١٨١٣-١٧٨١پ.ز) پێکیهێنابوو.

٢-سەردەمی ئاشوریی ناوەڕاست (١٥٠٠ - ٩١١): لەسەدەی (١٥)دا ئاشور بۆ نزیکەی سەدەو نیوێك کەوتە دەستی میتانییەکان، پاشان لەسەردەستی ئاشور ئوبالیطی یەکەم (١٣٦٥-١٣٣٠) سەربەخۆ بوو. ئەو سەردەمە پادشای بەهێزو لاوازی بە خۆوە دی.

٣-سەردەمی ئاشوریی نوێ (٩١١-٦١٢ پ.ز): ئەو سەردەمە ئەوپەڕی فراوانکاریی ئاشورییەکانی بەخۆوە بینی. ساڵی (٦١٢) دا مادەکانو بابلییەکان (نینوا)یان گرتو چیتر ئاشورییەکان پاش ئەوە دەرنەکەوتنەوە.

## کوردستان و سەردەمەکانی

لەبەر ئەوەی پەرتەوازەیی بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو ئەویش بەزۆری بەهۆی ئەوەی وڵاتێکی شاخاوییە ، دەوڵەت ناناسین جگە لە هی مادەکانو پێشتر هی میتانییەکان توانیبێتی کوردستان یان بەشێکی گەورەی لەخۆ بگرێت.

ئەگەرێکی بەهێزیشە دەوڵەتی وا پێش ئەمانە هەبووبن (ڕەنگە بتوانین "خامازی" بژمێرین) بەلام جگەلەوەی شتێکی ئەکیدمان لەم بارەیەوە نییە، پێدەچێت دەوڵەتی سەرتاسەری ئەگەر هەبووبێت تەمەنی کورت بووبێت لەکاتێکدا دەوڵەتە ناوچەییەکان، هەر وەك ئەمارەتەکانی سەردەمە ئیسلامییەکان، تەمەنیان درێژتر بووەو تەنانەت بۆی هەیە دەوڵەتی لەم جۆرە سەدان ساڵ ژیابێت. لەبەر ئەمە ناتوانرێت سەردەمەکان بەو شێوەیەی بابلو ئاشور جیابکرێنەوە بەڵکو دەتوانرێت پۆلێنی تر بکرێت وەکو ئەمەی خوارەوە:

١-سەردەمی گروپی یەکەمی گەلانی کۆنی کوردستان: لوللوییەکان (ناوچەی سلێمانیو شارەزوورو دەوروبەریان)و گوتییەکان (باشوورتر لەوان، ڕەنگە ڕۆژئاوا ... ئەمە ئەکید نییە) کاششییەکان (ناوچەی لوڕستان)، خوررییەکان (سەرەتا کوردستانی باکوورو پاشان گەشتنە زێی دوکان هەروەها گەشتنە کەرکووك و دەوروبەری)... کە ئەمانە گەلانی سەرەکی بوون ،

---

[3] لەچاپی یەکەمی کتێبی یەکەم نووسراوە "کۆن"، ئەمەش هەڵەی کاتی هەڵەچنییە.

پێش ئەوانیش نازانرێت کێ لە کوردستاندا دەژیا. سەبارەت بە سوبارییەکانیش کێشەیەکی کۆن هەیە کە ئایا گەلێکی سەربەخۆ بوون یان نا.

٢-سەردەمی گرووپی دووەمی گەلانی کۆنی کوردستان: باوەڕێك هەبووە کە لە دەوروبەری ٢٠٠٠ پێش زایین کۆچی گەلانی هیندۆ-ئەوروپایی (یان ڕاستتر شاڵاوی یەکەمیان) ڕووی کردە کوردستان‌و ئێران‌و ئاسیای بچووك بەڵام کاری ئەوانە لەسەر گرووپی یەکەم زۆر درەنگ دەستی پێکرد، پێدەچێت پاش (٦١٢پ.ز)، واتە پاش هەرەسی دەوڵەتی ئاشورو گرتنی کوردستان لەلایەن مادەکانەوە، بەڵام بەڵگەشمان هەیە لەسەر ئەوەی زووتر لەمە، واتە پێش نزیکەی دوو یان سێ سەدە، کاریان کردبووە سەر گرووپی یەکەم.

کوردیش بەشێوەیەکی گشتی لە تێکەڵەی ئەم دوو گرووپە دروست بووە. تا ئێستاش ژمارەیەك وشەی گرووپی یەکەم کە زمانەکانی هیندۆ-ئەوروپایی نین (سەر بە هیچ کۆمەڵەیەکی زمانی تری ناسراویش نین) لەناو زمانی کوردیدا، کە زمانێکی هیندۆ-ئەوروپاییە، ماوە.

پاش تێکەڵبوونی مادەکان‌و گەلانی کۆنتر دیار نییە ئەگەر هیچ گەلێکی نوێتر توانیبێتی کار بکاتە سەر ئەو تێکەڵەیە. تا ئەم کاتەش لێکۆڵینەوەیەکی وا نییە سەبارەت بە کاری ئەشکانییەکان‌و پاشان ساسانییەکان لەسەر زمانی کوردی.

# پێشەکی[٤]

دوکتۆر (جەمال ئەحمەد رەشید) ناوێکی دیارە لە بواری بابەتی مێژووی کۆنی کوردستان، کتێبە نوێکەشی:

ظهور الکورد في ا لتاریخ، دراسة شاملة عن خلفیة الامة الکوردیة و مهدها[٥] ، کە بەهەردوو بەرگەکەیەوە خۆی لە ١٢٠٠ لاپەڕە دەدات، بابەتی زۆری لەخۆ گرتووە: مێژووی کۆنی کوردستان‌و وڵاتانی دەوروبەری، مێژووی سەردەمە ئیسلامییەکان، مێژووی نوێ‌و هاوچەرخ، تەنانەت باسیش لەو چەرخە هەرە کۆنانە کراوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدان هەزار ساڵ پێش ئێستاو تا دەگاتە ئەو چەرخەی گۆی زەوی تەنها شێوە سادەکانی ژیانی بەخۆوە دیبوو. بێگومان کتێبێکی وا کە باس لە کوردو کوردستان لە رۆژگاری (ئەمیبا)وە تا رۆژی ئەمڕۆمان دەکات شایەنی ئەوەیە لەسەری بدوێین‌و چاوەڕێ دەکرێت بەشی خۆی رەخنەی لێ بگیرێت، ئەم بابەتەشمان رەخنەیەکە لەو جۆرە.

بەڵام بەداخەوە، لەم رۆژگارەی نەشارەزایی‌و بێئاگاییە لە مێژووی کۆنی کوردستان‌و وڵاتی دووڕوبار(کە مێژووی ئەمیان سەرچاوەی سەرەکیمانە بۆ مێژووی کوردستان)..و هەروەك لە کتێبی یەکەمدا باسم کردبوو شتی زۆر سەیر بڵاودەبنەوە کە کتێبە دوو بەرگییەکەی دوکتۆر جەمال یەکێکیانە. ئەو کتێبەش لەڕاستیدا خراپترە چونکە نووسەرەکەی لەپشتی بڕوانامەکەی دوکتۆراوە (کە تا ئێستا لام ساغ نەبۆتە چییەو چۆنە) خۆی شاردۆتەوە بەڵام کتێبێکی پێشکەش بە خوێنەران کردووە کە کەمترین شت لەبارەیەوە بوترێت ئەوەیە پڕ لە هەڵەیەو پڕ لە کاری نازانستییەو پڕ لە کاری نەپاراستنی ئەمانەتی زانستییە.

ئەم رەخنەیەشمان تەنها بەرگی یەکەمی گرتۆتەوەو لەو بەرگە یەکەمەش تەنها چەند بەشێکمان وەرگرتووە. ئەگەر رەخنەکە بۆ یەك بە یەکی لاپەڕەکانی دوو بەرگەکە بوایە ئەو کاتە پێویستمان بە کتێبێکی دوو بەرگی دەبوو کە لاپەڕەکانی زۆر لەو ١٢٠٠ لاپەڕەیەی کتێبەکە دوکتۆر زۆرتر دەبوون.

زەحمەت‌و ئەرکی ئەم رەخنەیەش تەنها لەزەحمەتی دۆزینەوەی هەڵەکان نییە چونکە کەسێك شارەزای مێژووی کۆن‌و شوێنەوار بێت‌و ئەو سەرچاوانەی لا دەستبکەون ئیشی ئاسانە. زەحمەتەکە لەو بڕە زۆرەی زانیارییە هەڵەکانە کە ئەگەر مرۆڤ بەدوای هەموویاندا بچێت دەبێت دوو ساڵ‌و سێ ساڵیان بۆ تەرخان بکات. زەحمەتێکی تریش ئەوەیە ئەم جۆرە بابەتە بۆ خوێنەری ئاسایی ئاسان نییەو پێویستە هێندە درێژە بە رەخنەکە بدەی تا ئەو خوێنەرە وەکو پێویست لە مەسەلەکە حاڵی بکەی.

رەخنەکەمان بەم جۆرەی خوارەوەیە، خاڵە یەکەمەکانی خوارەوەش بەکورتی دەخەینە روو و دوایەمینیان درێژە پێ دەدەین هەرچەندە بەم جۆرە ئەم پێشەکییە درێژ دەبێتەوە:

١-لە بەرگی پشتەوەی هەردوو بەرگی کتێبەکە نووسراوە کە دوکتۆر جەمال چەند زمانێك دەزانێت (بەپێی حسابی خۆمان دەگاتە ٥٠ زمان) بەڵام بەدرێژایی کتێبەکە دوکتۆر دەیسەلمێنێت کە ئەو زمانانە نازانێت[٦] و تەنانەت زمانە ئینگلیزییەکەشی باش نییە.

---

[٤] بەشێکی ئەم رەخنەیە بەم ناوونیشانە لە گۆڤاری (هەزارمێرد)دا بڵاوبۆتەوە: کتێبی (ظهور الکورد في التاریخ)، بەشێکی کەم لە هەڵەکان‌و راستکردنەوەیان، هەزارمێرد، ٢٥، ساڵی حەوتەم، کانوونی یەکەم، ٢٠٠٤، لاپەڕە ٤٤-٨٧. بەشێکی ئەو بابەتەی هەزارمێردیشم وەکو خۆی داناوەتەوەو بەشەکەی دیکەیم تێکەڵ بەو رەخنە نوێیانەم کردووە. رەنگە پاش ئەمەو بەپێی دەرفەت لەسەر چەند بەشێکی دیکەی کتێبەکەی د. جەمال بنووسم.

[٥] لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

[٦] بەلای کەمەوە ئەو زمانانەی دەزانم بیانخوێنمەوە یان شتێك لەبارەیانەوە دەزانم.

٢-لەبەر ئەوەش دەبینی کاتێك زانیارییەکان لە سەرچاوەکانەوە نەقڵ دەکات بەخراپی و بە هەڵەی زۆرەوە وەریاندەگێڕێت. ئەو تەنانەت کە زانیاری لە سەرچاوەی عەرەبییەوە نەقڵ دەکات، کە ئەمە وەرگێڕان نییە بەڵکو نەقڵکردنە لە عەرەبییەوە بۆ عەرەبی، هەڵە لە نەقڵکردنو تێگەشتن لەو دەقە عەرەبییانە دەکات.

٣-دوکتۆر خۆی بە (استاذ في تاريخ الشرق القديم)، واتە: پرۆفیسۆر لە مێژووی کۆنی رۆژهەڵات ناو دەبات بەڵام بەدرێژایی کتێبەکە دەیسەلمێنێت کە شارەزای شتە سادەو ئاساییەکانی شوێنەوارو مێژووی کۆنی وڵاتی دووڕوبار نییە.

٤-نووسەر کە یەکێك لەو وەسفانەی لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکە بۆی کراوە ئەوەیە شارەزای زمانە فەوتاوەکانە بۆمان دەسەلمێنێت کە شتە هەرە سادەکانی ئەو زمانانەو شتە هەرە سادەکانی نووسینی مێخی (مسماری) نازانێت.

٥- بەشێك لەو سەرچاوانەی ناویان هاتووە پەراوێز نین بۆ زانیارییەکان بەڵکو تەنها ئاماژەن بۆ سەرچاوە، دوکتۆر بۆ نموونە دەڵێت حیثییەکان(خاتتییەکان/ف.ق) بە زمانی خوررییەکانیان دەوت (خورلیلی)و بە خوررییەکانیان دەوت خورلاش، خورلوش .. لێرەشدا دوکتۆر پەراوێزێك دادەنێتو تۆ چاوەڕێیت ناوی ئەو سەرچاوەیە بنووسێت کە ئەم قسەیەی تێدا هاتووە بەڵام لەجیاتی ئەوە دەنووسێت: بۆ دەقە حیثییەکان بڕوانە ئەم سەرچاوەیە. بە جۆرە دوکتۆر لە هەندێ بەشی کتێبەکەیدا کاری بیبلیۆگرافیای کردووە بەڵام بیبلیۆگرافیایەکی پڕ لە هەڵە، نموونەش هەیە لەسەر ئەوەی دوکتۆر ناوی سەرچاوەیەکی نووسیوە کە پەیوەندیی بەو بابەتەوە نییە.

٦-بەشی زۆری کتێبەکەی بریتییە لە (کۆپی-پەیست) کردن لە سەرچاوەکانی تر. لەم پێشەکییەشدا درێژە بەم خاڵە دەدەم.

دوکتۆر رێك ئەو زانیارییانەی نەقڵکردووەو جاری وایە بۆ یەك بابەت چەندین لاپەڕەی لە یەك یان دوو سەرچاوە (کۆپی-پەیست) کردووە. وەنەبێ دوکتۆر کە ئەمەی کردووە وتبێتی: ئەم هەموو زانیارییانەم لە فلانە سەرچاوە وەرگرتووە بەڵکو شتێکی تر دەکات کە تا ئەوپەڕی سنوور لە ئەمانەتی زانستییەوە دوورە:

دوکتۆر کە ئەو هەموو زانیارییانەی لەو سەرچاوەیە نەقڵکردووە (با بڵێین: س) یەك یان دوو یان کەم جار ناوی ئەو سەرچاوەیە دەباتو لەوە بەدواوە هەرچی سەرچاوەو پەراوێزی ناو(س)دا هەیە (با بڵێین: ك، ل، م، ن..) نەقڵیان دەکاتو بەم جۆرە وا لە خوێنەر دەگەیەنێت کە خۆی ئەو سەرچاوانە، واتە (ك)و (ل)و (م)و (ن)..ی بینیوەو بەکاریهێناون. با نموونەیەکیش لەسەر ئەمە وەربگرین:

دوکتۆر کاتێك باسی وڵاتی (زاموا) دەکات دەبینین هەموو ئەو باسەی لە بابەتێکی (لوویس لیڤاین) نەقڵکردووەو[٧] لەجیاتی ئەوەی بڵێت ئەم بەشەم لە لیڤاینەوە وەرگرتووە دەبینین کەم جار ناوی دەبات. نەك تەنهاش باسەکەی لیڤاینی (کۆپی-پەیست) کردووە بەڵکو هەروەها سەرچاوەکانیشی ((بردووە))[٨]، ئەمەش نموونەیەکە:

دوکتۆر باسی ناوێك کابرایەك دەکاتو دەنووسێت: بەپێی (سپایزەر) دەتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ناوی کابرایەکی تر ئەویش..تاد، ئینجا دوکتۆر لە پەراوێزداو وەکو سەرچاوە ناوی بابەتەکەی (سپایزەر) دەنووسێت.[٩]

---

[٧] بڕوانە بەشی: سوبارتو و ناوچەکانی لەم رەخنەیەماندا.

[٨] بێگومان وشەیەك بۆ وەسفکردنی ئەو کارەی دوکتۆر هەیە بەڵام وای بە باشتر دەزانین بە هێما ناوی بەرین ئەویش وشەی ((بردووە))، جووتە کەوانەکەش بۆ ئەوەیە خوێنەر بزانێت مەبەست خودی وشەی (بردووە) نییە. بەم جۆرە بەردەوام دەنووسین: ((بردووە))و ((بردن))و ((دەبات))و ((بردوویەتی))..تاد.

[٩] (ظهور الکورد، بەرگی١/ ٥٤٠-٥٤١). لێرە بەدواوە ئاماژە بۆ کتێبەکە وا نانووسم: (ظهور الکورد في التاریخ، بەرگی ١/ل٥٤٠-٥٤١).. بەڵکو کورتی دەکەمەوە: (١/ل٥٤٠-٥٤١) یان لەوەش کورتتر: (١/ ٥٤٠-٥٤١)و بەم جۆرە (١) واتە بەرگی یەکەم، ئەوانەی

ئێستا خوێنەر وا دەزانێت کە دوکتۆر جەمال بەڕاستی ئەو سەرچاوەیەی سپایزەری بینیوەو ئەو زانیارییەی نووسیویەتی بەڕاستی لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە بەڵام بەداخەوە ئەمە راست نییە چونکە دوکتۆر ئەو زانیارییەی لە سپایزەرەوە وەرنەگەرتووە بەڵکو لە بابەتەکەی (لوویس لیڤاین). دوکتۆریش نەك تەنها زانیارییەکەی لەو ((بردووە)) بەڵکو هەروەها ناوی سەرچاوەکەی (سپایزەر)یشی لەو ((بردووە)).

ئینجا ئەگەر بابەتەکەی لیڤاینت لا بێت و بەردەوام بی لەسەر بەراوردکردن دەبینی نە زانیارییەك و نە دوان و نە دە بەڵکو دوکتۆر لەکتێبەکەیدا بێئەنداز زانیاریی لەو بابەتەی (لیڤاین) ، خۆیان و ناوی سەرچاوەکانیش، وەرگرتووە. بابەتی واش هەیە لاپەڕەی زۆری یەك بەدوای یەکی لەئەسڵدا هی بابەتەکەی لیڤاینە. لەجیاتی ئەوەش دوکتۆر هەموو جارێك ناوی لیڤاین بەرێت کەم جار ناوی بردووە، وەکو وتیشم خوێنەر ئەگەر بابەتەکەی لیڤاینی لەبەر دەستدا نەبێت وا دەزانێت دوکتۆر هەموو ئەو سەرچاوانەی بینیوەو هەموویانی بەکارهێناوە.

ئەمە نموونەیەك بوو و لەم رەخنەیەماندا نموونەی تر دەبینی. تێبینیی ئەوەش بکە کە لەمیانەی کێشەی دوکتۆر لەگەڵ خاوەنی کتێبێکی تردا، کە ئەمیان تۆمەتی ئەوەی خستبووە پاڵ کە دوکتۆر جەمال دەستنووسی ئەو کتێبەی بردووە، دوکتۆر نووسیویەتی: ((تا ئێستا لە هەموو چاپکراوە بڵاوکراوەکانماندا(مطبوعاتنا المنشورة) ناوی هیچ کەسێکمان فەرامۆش نەکردووە ئەگەر یەك رستەمان لە قسەکانی خواستبێت و ئەم کتێبەی بەردەستان باشترین شایەتە لەسەر ئەم قسەیەمان)) (١٤/١پەراوێز). هەرچەندە دەتوانین شایەتی بدەین کە دوکتۆر سوودی لەو کتێبەی ئەو کابرایە وەرنەگرتووە بەڵام ئەم رەخنەیەمان شایەتە لەسەر ئەوەی نەك تەنها ئەو قسەیە راست نییە بەڵکو لەوەش زیاتر: بەشی هەرەزۆری کتێبەکەی بریتییە لە وەرگرتن لە خەڵك بێ ناوبردنیان.

نموونەی تریش لە کتێبەکەی (ئێرنست هێرتسفێلد)[10] ، (ئیمپراتۆریەتی فارسی) دەبینین کە ئەو سوودەی دوکتۆر لەو کتێبەی بینیوە، بە وەرگرتن و ((بردن))ـەوە زۆرترە لە بابەتەکەی لیڤاین و لاپەڕەی زۆری یەك لەدوای یەکی لێ (کۆپی-پەیست) کردوون.

لەڕاستیشدا بەر لەوەی کتێبەکەی هێرتسفێلدم دەست بکەوێت دیار بوو لام کە دوکتۆر چەند سوودی لێ وەرگرتووە بەڵام کاتێك دەستم کەوت بۆم دەرکەوت مەسەلەکە لە سوودوەرگرتن دەرچووەو بۆتە ((بردنێکی)) تەواو. هەروەها بەر لەوەی ئەو کتێبەم دەست بکەوێت زانیاریی وا لە کتێبەکەی دوکتۆردا دەبینی ناوی هێرتسفێلدی هێناوە کە یان هەڵە بوون و یان جێگەی گومان بۆیە زۆر هەوڵم دا ئەو کتێبەم دەستبکەوێت.[11] سەیر ئەوەشە کە دوکتۆر وا بەو خەستییە کتێبەکەی هێرتسفێلد بەکاردەهێنێت کەچی پێشەکیی ئەو کتێبەی نەخوێندۆتەوە (کە ئامادەکاری کتێبەکە نووسیویەتی) کە باسی کێشەکانی ئەو کتێبەی کردووە (لە بەشی: سوبارتو و ناوچەکانی بەکورتی باسی ئەو کێشانە دەکەم). بەم جۆرەش پێویستە مرۆڤ بە حەزەرەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێت پێویستە زانیاریی لەسەر ئەو بابەتانە هەبێت، ئەو مەرجەی لە نووسەری خۆماندا بەدی نەهاتووە.

---

تریش ژمارەی لاپەڕەن. ئەگەر زانیارییەکەش لە پەراوێزدا بێت لە تەنیشت ژمارەی لاپەڕەکە دەنووسم: پەراوێز ٢٤١ ، یان لەوە کورتتر: پ ٢٤١.

[10] دروستتر بڵێین: هێرتسفێلت.

[11] چەند کەسێکم راسپاردبوو بۆ ئەو کتێبەو لە کۆتاییدا کاك کۆزاد موحەممەد لە هۆڵەنداوە بۆی ناردم. کاك کۆزاد ماستەری لە شوینەوارناسی لە زانکۆی بەغدا وەرگرتبوو و لە هۆڵەندا ماستەری لە ئاشۆرۆلۆجی وەرگرت و ئێستا لە هەوڵی خوێندنی دکتۆرایە. کاك کۆزاد لە هۆڵەنداوە ژمارەیەك سەرچاوە ناردبوو بۆ خۆم و بۆ چەند برادەرێك و سوودم لە هەندێ لەوانە وەرگرت و هەندێکیشم بۆ کوردی وەرگێڕا.

وەکو وتیشم دوکتۆر بە شێوازی تایبەتیی خۆی مامەڵەی لەگەڵ سەرچاوەکاندا کردووە واتە وەرگرتنی زانیاریی لەو سەرچاوەیە بێ ئەوەی ناوی بەرێت یان کەم ناوی دەبات و بەوە ناوەستێ بەڵکو ناوی سەرچاوەکانیش بەهەمان شێوە ((دەبات)). بەم جۆرە لیستی ئەو سەرچاوانەی کە بەڕاستی بەکاریهێناون زۆر بچووک دەبێتەوە؛ ئێمە لێرەدا تەنها وەکو نموونە باسی بابەتەکەی لیڤاین و هێرتسفێلدمان کرد بەڵام سەرچاوەی تر هەن کە بەهەمان شێوە هەردوو زانیارییەکان و سەرچاوەکانیشیان ((دەبات)).

ئەو حاڵەتەشمان هەیە کە دوکتۆر زانیاری لە سەرچاوەیەك ((دەبات)) بەڵام ناوی سەرچاوەکە نانووسێت، واتە دەبینی زانیاریی زۆر دەنووسێت کەچی سەرچاوەیەکی وا نابینین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو سەرچاوەیە ئەو زانیارییانەی لێ ((براوە)) سەرچاوەی تێدا نییە، بڕوانە بۆ نموونە بەشی((کارەساتی شمشارە)) لەم کتێبەماندا کە دوکتۆر چەند لاپەڕەیەك لە کتێبەکەی (یۆن لەسۆ) وەردەگرێت و تەنها چەند جارێك ناوی دەبات و بەدرێژایی ئەو لاپەڕانە سەرچاوەی تر نابینین، هۆی ئەمەش ئەوەیە (لەسۆ) لەو کتێبەکەیدا بەدەگمەن ناوی سەرچاوەی نووسیوە.

کاتێکیش مرۆڤ زانیارییەك لە سەرچاوەی (ك) وەردەگرێت بەڵام ئەسڵی زانیارییەکە لە سەرچاوەی (س)ـە کە نەیدیوەو بیەوێت ناوی (س) بنووسێت، ئەمانەتی زانستی وا پێویست دەکات بڵێت: ((سەرچاوەی (س) ئەویش لە سەرچاوەی (ك) وەرمانگرتووە))، یان هەر شێوازێکی تر، نەك ڕاستەوخۆ ناوی (س) بنووسێت و (ك) بخاتە ئەولاوە.

دوکتۆر کە ئەو زانیارییانە نەقڵ دەکات و ((دەیانبات)) بەهەڵە لێیان تێدەگات و بەهەڵە وەریاندەگێڕێت، کەزانیارییەکی خۆشی دەنووسێت دەبینین هەڵە لەوەشدا دەکات و بەتایبەت لەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە لایەنی زمانەوانیی زمانە کۆنەکانەوە هەیە هەروەها زانیارییە گشتییەکانی مێژووی کۆن و شوێنەوار. وەنەبێ ئەم ((مەنهەج))ـە لە لاپەڕەیەك یان دوان، یان بەشێك یان دوان بێت بەڵکو ئەمە سەرانسەری کتێبەکەی گرتۆتەوە.

مرۆڤیش کە زانیاری لەخەڵك ((دەبات))و بەوەش ناوەستێ و ناوی ئەو سەرچاوانەش ((دەبات)) کە ئەوان نووسیویانە دەکەوێتە هەڵەی زۆرو جاری وایە هەڵەکە زۆر زەق دەبێت. لێرەشدا تەنها یەك نموونە باس دەکەم کە دواترو لەو شوێنی خۆیدا باسی دەکەمەوە. دوکتۆر زانیارییەك لە (هێرتسفێلد)ـەوە ((دەبات))، لەگەڵ ئەو زانیارییەش ناوی ئەو پەراوێزە ((دەبات)) کە هێرتسفێلد نووسیویەتی ئەویش:AO2776. دوکتۆر وایزانیوە ئەمە ناوی سەرچاوەیە بۆیە لەجیاتی ئەو نووسینە کورتکراوە گەڕاوە بۆ ناوی تەواوی AO و ئینجا بینیویەتی ناوی سەرچاوەیەك هەیە نزیکە لەمە ئیتر پەراوێزەکەی وا لێکردووە:

Der Alte Orient (AO)2776 (Leipzig).

بەڵام مەخابن! ئەو AO2776 ـە کە هێرتسفێلد نووسیویەتی سەرچاوەیە نییە بەڵکو AO2776 لەڕاستیدا ژمارەی میل (مسلة)یەکە کە لە مۆزەخانەی لوڤردا هەیە، واتە ئەمە ژمارەی پارچە ئاسارێکی لوڤرە، بۆ نموونە بڕوانە (گوتزە) کە بابەتێك بەم ناوونیشانە لەبارەیەوە دەنووسێت:

The Stela ((AO)) 2776 of the Louvre[12]

بێگومان ناگەیتە هیچ و هیچت دەستناکەوێت ئەگەر بەدوای ئەوەی دوکتۆر نووسیویەتی بگەڕێی، واتە ژمارە 2776 ی سەرچاوەی Der Alte Orient چونکە شتی وا نییە.

دوکتۆر جاروبار شت زیاد دەکات بۆ ئەو زانیارییانەی لە خەڵکی تر ((دەیانبات)) بەڵام ئەوەی زیادی دەکات زۆر جار هەڵەیە. بۆ نموونە دوکتۆر باسی گۆڕانی نێوان دەنگی (ن)و (ل) لە نووسینەکانی (نوزی)دا دەکات کە ناوی (لوللو) هەندێ جار دەبێتە (نوللو) (١/٥٦٧). ئەوەش کە دوکتۆر بەو شێوەیە باسی کردووە (لێرەدا بە کورتی هێناومە) نەك تەنها هی سەرچاوەیەکە کە نەینووسیوە بەڵکو هەروەها سەرتاپا هەڵەیە، سەرباری ئەوەش لەخۆیەوە شتێك زیاد دەکات کە ئەم گۆڕانی (ن)و (ل) تا ئێستا لە زمانی کوردیدا بەکاردێت وەك لە (گەلاڵە)و (گەرارە) دەیبینین.

---

[12]A.Goetze, The Stela ((AO)) 2776 of the Louvre, RA, 46, 1952.

هەموو کەسێکیش دەتوانێت دەرك بەوە بكات كە لەم نموونەیە (ڵ) بۆتە (ر) نەك (ن)! بەڵام شتی تر هەیە کە خوێنەری ئاسایی نایزانێت (وەك نموونە بڕوانە بەشی: هەڵبژاردەیەك لە زانیارییەكان، باسی چینەكانی چەرموو).

یەكێك لە دەرەنجامەكانی تری ((بردن))ی زانیاریو ناوی سەرچاوە لە نووسەری ترەوە ئەوەیە مرۆڤ هەڵەی ئەو نووسەرانە دووبارە دەكاتەوە. نموونەیەك لەسەر ئەوە باسی (خامازی) كە نووسەری خۆمان زانیارییەكانو ناوی سەرچاوەكانی لە بابەتێكی د. فەوزی رەشید ((بردووە))و یەك لەوانە بەرگی چوارەمی سەرچاوەیەكی ئەڵمانییە، بەڵام د.فەوزی لەجیاتی بەرگی چوارەمی ئەو سەرچاوە ئەڵمانییە بەهەڵە نووسیویەتی بەرگی سێیەم، نووسەری خۆشمان زانیارییەكەی د.فوزی ((دەبات)) بەڵام ناوی ناهێنێتو لەجیاتی ئەوە ناوی ئەو سەرچاوە ئەڵمانییە دەنووسێت، ئاشكرایە كاتێك ئەمەی كردووە هەڵەكەی د.فەوزیی دووبارەكردۆتەوەو نووسیویەتی: بەرگی سێیەم!(بڕوانە باسی خامازی).

دوكتۆر هەروەها شتی نەقڵكردووە لەكتێبی(تاريخ الكرد القديم) لەنووسینی خۆیو د.فەوزی رەشید(زانكۆی سەلاحەددین ١٩٩٠)و دەستی بەسەردا گرتووە، دوكتۆری خۆمان زانیاریو سەرچاوەكانی هاوكارەكەی((بردووە)). لەبەر ئەوەش كە هەفتەیەك پێش ناردنی ئەم كتێبە بۆ چاپ تەماشام كردبوو تەنها بەشێكی ئەو((بردنانە))م خستۆتەڕوو.

دوكتۆر لەپێشەكییەكەیدا نووسیویەتی: ئەسڵی ئەم پێشەكییەو (باب)ی دووەمو سێیەمو چوارەمم بەئینگلیزی نووسیوە(١٣/١پ٤)[13]، وتیشمان دوكتۆر (كۆپی-پەیست)ی كردووە بەڵام ئەم كارەی لەعەقڵ بەدەر زۆرە بۆیە وای بۆ دەچم بەرنامەیەكی OCRی بەكارهێناوەو كتێبو گۆڤارە ئینگلیزییەكانی سكان كردووەو كردوونی بە فۆنت لەجیاتی ئەوەی بەئینگلیزی تایپیان بكات.[14]

ئەم رەخنەیەمان هەڵبژاردەیە لە نێوان دوو جۆر: لەهەندێك بەشدا زۆر بەخێرایی رۆشتوومو یەك بەیەكی زانیارییەكانم وەرنەگرتووە بۆیە هەڵبژاردنەكە لێرەدا شاشترە، جۆری دووەمی هەڵبژاردنیش ئەوەیە كە لە هەندێ بابەتدا كردوومەو دێڕ بەدێڕ لە نووسینەكە وردبوومەتەوە، لەنێوان ئەو دوو جۆرەش جارێك چڕتر لەجۆرە شاشەكە رۆشتوومو جارێك شاشتر لە جۆرە چڕەكە. جگە لەوەش بەزۆری قسەم لەسەر ئەو سەرچاوانە كردووە كە دوكتۆر

---

[13] بەبڕوای خۆم بۆیە ئەمەی بە ئینگلیزی نووسیبوو تا لە(هۆڵەندا)دا، كە لەوێدا نیشتەجێیە، بڕوانامەیەكی زانكۆی پێ وەربگرێت ، بەڵام كتێبێك ئەمە حاڵی بێت چۆن لەو وڵاتانە كە پسپۆڕانی تێدایە قبووڵ دەكرێت؟ كتێبی وا لە وڵاتێكی وەكو ئەوەی خۆماندا بە ئاسانیو بەرێزەوە بڵاو دەبێتەوە!

[14] كێشەیەكی OCR ئەوەیە هەندێ پیت وەكو خۆیان نابنە فۆنت وەكو "ش" š كە بەرنامەكە دەیكاتە "س" s بۆیە دەبینین زۆربەی كات "ش" لە وشەو ناوەكاندا دەبێتە "س" وەك بۆ نموونە شار كیششاتی šar kiššati كە لای دوكتۆر (١/٤٥١پەراوێز) بۆتە سار كیسساتی sar kissati. كاتێكیش ئەمەی كردۆتە عەرەبی(لە نوسخە ئینگلیزییە كۆپی-پەیستكراوەی كتێبەكەی خۆی) نەگەڕاوەتەوە سەر كتێبەكەی هێرتسفێلد(كە ئەوەی لەوێوە كۆپی-پەیست كردووە) بۆیە نەیزانیوە ئەسڵەكە بریتییە لە شار كیششاتی. ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەكی ترە لەسەر رادەی ((شارەزایی)) دوكتۆر لە زمانە كۆنەكان. كەسێك نیوەشارەزاش بێت پێویست ناكات بگەڕێتەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەك چونكە یەكسەر دەزانێت سار كیسساتی هەڵەیەو ئەو هەڵەیە چاك دەكاتەوە. نموونەی ئەمە لە كتێبەكەی دوكتۆردا زۆرە، بەڵكو زۆربەی هەرە زۆری š ـەكانی بوونەتە s . لەبەر ئەم جۆرە هەڵانەش ئاگاداری خوێنەر دەكەمەوە كە زۆر جار وشەو ناوە كۆنەكانم بەو جۆرە نووسیوە كە لە كتێبەكەی د. جەمالدا هاتوونو تەنها لە تەعقیبی خۆمدا چاكم كردوون. بۆ نموونە دوكتۆر دەنووسێت: (نیمخانی).. منیش ئاوا هێشتوومەتەوەو كە قسەم لەسەر شتەكەی دوكتۆر نووسیوە كردوومە بە (نامخانی). لەبەر ئەوە با خوێنەر وا نەزانێت كاتێك ئەو ناوانەم لەمیانەی قسەكانی دوكتۆر نووسیوە ئەمانە راستن.

نووسیونی و لام هەن و کەم جار باسی شتێکم کردووە کە دوکتۆر نووسیویەتی و خۆم نیمە، کە ئەمەشم کردووە پشتم بە زانیارییەکانم بەستووە کە لە سەرچاوەی ترەوە دەستم کەوتوون.[١٥]

ئەگەر رەخنەکەشم هەردوو بەرگەکەی بگرتایەوەو ئەگەر دێڕ بەدێڕ لەگەڵیاندا بڕۆشتمایەو ئەگەر هەموو سەرچاوەکانم لا هەبوایە[١٦] ئەم رەخنەیە دەبووە چەندبارە لە گەورەیی و قەبارە، بەڵام ئایا کاتی ئەوەم دەبوو؟ ئایا کەس کاتی ئەو قەرەباڵغییەی هەیە؟

بەڵام ئایا کتێبێك چەند هەڵەشی تێدا بێت بەشی ئەوەی تێدا نییە شایەنی ستایش بێت؟ بێگومان ئەمە بۆ زۆر لە کتێبەکان راستە بەڵام بەپێی ئەو بەشانەی کتێبەکەی دوکتۆر کە ئیشم لەسەر کردوون گومانم نییە کە ئەو کتێبە بەشی ئەوەی تێدا نییە.

پێویستە ئەوەش بزانین کە دوکتۆر کەمتر پاساوی هەڵەی چاپی بەدەستەوەیە: یەکەم بۆ وشەو ناوی شوێن و کەسە کۆنەکان چونکە خۆی دەڵێت کە ئەو بەتایبەت ناوە لاتینی و یۆنانی و ئارامی و مێخییەکانی بە کۆمپیوتەری خۆی نووسیوە تا هەڵەکان دووبارە نەبنەوە کەپێشتر کرابن ئەویش کاتێك کەسانی تر نووسینەکانی ئەویان تایپ دەکرد(١/١٥-١٦)، دووەمیش بۆ هەموو کتێبەکە چونکە نووسیویەتی: لەبەر کێشەی تەکنیکیی تایپی پیتەکان و هێماکان.. کتێبەکەی بە کۆمپیوتەری تایبەتی خۆی تایپ کردووە(١/٤٤).

ئەم کتێبە بەردێکە لە بناغەی پرۆژەیەکی گەورە کە بریتییە لە پرۆژەی رەخنە لەو دواکەوتنەی لەکوردستاندا هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە هەرچەندە زۆرتر لەجاران شت دەنووسرێن و چالاکی زۆرتر هەیە.

ناشڵێم لەوانەیە بەڵکو بەدڵنیاییەوە خوێنەر بەر لەتەواوکردنی ئەم رەخنەیە، بەڵکو پێش تەواوکردنی ئەم پێشەکییە، ئەو هەستەی بۆ دروست ببێت کە لەگەڵ نووسەری ئەو کتێبە رەق بووم، بەڵام لەوەش دڵنیام کە هەرچەندە هەوڵم داوە نەرمتر بم بەڵام ئیشەکەی دوکتۆر ناهێڵێت رەخنەکە وا نەنووسرێتەوە مەگەر تەنها لەو حاڵەتەی مرۆڤ نیازی بێت خوێنەر بخەڵەتێنێت، ئەم رەخنەیەش لەڕاستیدا لەبەر ئەو خوێنەرە (بەتایبەتی لەبەر قوتابیانی مێژوو و شوێنەوار) نووسراوەتەوە تا نەخەڵەتێ. ئەگەر رەخنەکە لەوەش رقتر بێت هێشتا کتێبەکە شایەنی لەوە زیاترە. رەخنەکە وا لەبەردەستی خوێنەردایە، دڵنیاشم ئەگەر هێندە بەئارام بێت تا تەواوی بکات و لەوەش بەئارامتر بێت و ورد بیخوێنێتەوەو لێی تێبگات ئەو کاتە دەزانێت رەق نەبووم و دەستخۆشیم لێ دەکات کە چەند بەئارام بووم.

لەکۆتاییشدا پێویستە بڵێم کە ئەمە تەنها رەخنە نییە بەڵکو هەروەها زانیاری بەخشینە بە خوێنەر، هێندەش زانیاریی زۆری تێدایە کاتێکی زۆر زۆری لێ بردم، لەو بڕوایەشدام هیچ شتێك قەرەبووی ئەو کاتە بەنرخەی لەگەڵ ئەو کتێبە سەرفم کرد ناکات وەك ئەوەی سەرکەوتوو بووبێتم لە وریاکردنەوەی خوێنەر، بەتایبەت قوتابیانی مێژوو و شوێنەوار، ئینجا خوێنەرانی تر کە پەرۆشی زانینی شتێکن لەبارەی مێژووی کۆنی کوردستان و تروسکاییەك بەدی بکەن لەو تاریکییەی ئەو مێژووەی داپۆشیوە، ئەو تاریکییەی پسپۆڕانی کورد، ئەگەر پسپۆڕمان هەبێت، لە مانەوەی خەتابارن، ئینجا ((پسپۆڕ))ی وەکو دوکتۆری خۆمان دێن لێڵی و قوڕاو دەخەنە سەر ئەو تاریکییە.

---

[١٥] بەشێك لەو سەرچاوانەی دوکتۆر ناویان دەبات (ئەوانەش کە ناویان نابات هەروا) و لای خۆم هەن کاتی خۆی یان بەکاملی کۆپیم کردبوون یان تەنها بەشێکیان، یانیش شتێکم لێ بەدەست نەقلّم کردبوو چونکە هێندەی ئیشم پێیان بووە شتم لێ وەردەگرتن.

[١٦] لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەم رەخنەیەم بۆم دەرکەوت کە پێویست ناکات مرۆڤ هەموو ئەو سەرچاوانەی لا هەبێت لەبەر ئەوەی وەکو وتم کتێبەکەی دوکتۆر بەزۆری (کۆپی-پەیست)ـەو هێندە بەسە ئەو سەرچاوە کەمانەت دەستبکەوێت کە هەموو ئەو زانیارییانەو ناوی ئەو هەموو سەرچاوانەیان تێدایە کە دوکتۆر نەقلّیان دەکات، خۆ ئەگەر هەموو سەرچاوەکانت دەستبکەوێت ئەوا زۆر باشترە چونکە ئەو کاتە دەگەڕێیتەوە سەریان و گومانت نامێنێت کە دوکتۆر پاش ((بردنەکان)) هەڵەی لەو ((بردنە)) و لە وەرگێڕانی دەقەکان کردووە، زۆر زیاتر لەوەی زانیبووت، هەروەك چۆن ئەمەمان لەم رەخنەیە سەلماندووە.